# ئازارەکانی بەهار



## دێچۆل ئازاد

لەسەر گۆیەکانی قەلاٚ، من و تۆ پێکەوە
بە ناو دڵی گوندەکانەوە رێدەکەین
چ بەهارێکە لە بێدەنگی!
لە چاوەڕوانی کەسێکم بۆ ناسینم.
بە دەممانەوە کە خەونەکان هەڵدەمژین،
لەگەڵ خوێنێکی شین
لەناو سێبەری گوڵە رەشە مردووەکانەوە، من
و تۆ پێک دەگەین

تۆ دوژمنێکت هەیە،
هاوینە جوانەکانی لێت دارِماند.
دوژمنەکانی من، کە چاوەکانیان
بە دەستی بەیانییەکان و،
بە زمانی ئاو
رەنگ کردم
دایکیشم بە درێژایی تەمەنی
بێدەنگییەکی غەمباری خواردەوە
دوا جار
لە ژوانێک، لە هاوینێک
من و تۆ دیدارمان کرد.

تۆ بۆنت وەک شیری خاوی مەمک وایە.
دەتوانی بۆنی سێبەرە شێدارەکانی خەمەکانم بکەی،
یان تامی رقەکانی دڵۆپی زستانم؟
لە شەرێکەوە بۆ ئاشتی دیدارمان کرد
30 رۆژ بەرلەوەی پەرە ئاوییەکانی
* Scarlet بەستەڵەک بن
دیدارمان کرد.

ئاەەەە! بەر لە هاوین
کراسێکم پڕ لە گەلاٚ جێهێشت و ،
خۆمم هەڵوەراند.

گەڕامەوە بۆ رۆژە تۆزاوییەکان.

ئا ئەمەیە ژیان!

مێلبۆرن – ئوسترالیا
2007-06-10

تێبینی : scarlet مانای یاقووت یان سورێکی تۆخ دێت